# بگەڕێوە بۆ لای دایک وباوکت وهاوەڵی چاک بە بۆیان

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ، ووتی: بەیعەتت پێدەدەم لە سەر کۆچکردن (هیجرەت) وجیهاد کردن وداوای پاداشت لە خوای گەورە دەکەم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووی: «ئایا هیچ کام لە دایک وباوکت زیندوون؟»، ووتی: بەڵێ، هەردووکیان (زیندوون)، فەرمووی: «وداوای پاداشت لە خوای گەورە دەکەیت؟»، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «بگەڕێوە بۆ لای دایک وباوکت وهاوەڵی چاک بە بۆیان (چاکەکار بە بەرامبەریان)». ولە ریوایەتێکی تردا: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وداوای ئیزنی لێکرد بۆ جیهاد کردن، ئەویش فەرمووی: «ئایا دایک وباوکت زیندوون؟»، ئەویش ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «جیهاد بکە بە چاکەکاری بەرامبەر ئەوان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی خۆشەویستی جیهاد وکۆچکردنی بۆی کرد لە پێناو خوای گەورە، وئەم پیاوە دایک وباوکی لە پاش خۆش جێهێشتبوو کە بە دوایدا دەگریان، (ببکیان) [رواه أبي داود]، واتە: (دەگریان) لە ترسی ئەوەی شەهید بکرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێی کرد: ئایا هیچ کام لە دایک وباوکت زیندوون؟، ووتی: بەڵێ، بەڵکو هەردووکیان (زیندوون)، فەرمووی: «وداوای پاداشت لە خوای گەورە دەکەیت؟»، ووتی: بەڵێ، فەرمووی: «بگەڕێوە بۆ لای دایک وباوکت باوکت وهاوەڵی چاک بە بۆیان (چاکەکار بە بەرامبەریان)»، ولە ریوایەتێکی تردا فەرمووی: (ارجع عليهما فأضحكهما كما أبكيتهم) [رواه أبو داود]، واتە: (بگەڕێوە بۆ لایان با پێبکەنن هەروەکو چۆن گریان بە هۆی تۆوە). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی مافێک کە واجبترە، ئەویش چاک هاوەڵ بوونە لەگەڵ دایک وباوک، وئەمە لە جیهادی نەفسە چونکە خزمەتکردن ڕازی کردن وگوێڕایەڵی کردنی ئەوانی تێدایە لە چاکەدا، هەروەکو لە ریوایەتەکەی (مسلم)دا هاتووە: (ففيهما فجاهد)، واتە: (جیهاد وتێکۆشان بکە ئەویش بە خزمەتکردنی ئەوان). لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوک باشترە لە جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، (جاء رجل إلى رسول الله -صلى الله عليه وسلم- فسأله عن أفضل الأعمال فقال: "الصلاة" قال: ثم مه: قال: "الجهاد" قال: فإن لي والدين، فقال: "برك بوالديك خير)[أخرجه ابن حبان]، واتە: (پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری باشترین کردەوەکانی کرد، ئەویش فەرمووی: -نوێژکردن-، پیاوەکە ووتی: پاش ئەوە چی؟ فەرمووی: -جیهاد کردن-، پیاوەکە ووتی: دایک وباوکم ماون، فەرمووی: چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوکت خێر وچاکەیە)، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی چاکەکاری بەرامبەر دایک وباوک باشترە لە جیهاد کردن، جگە لە جیهادی فەرزی عەین نەبێت، لێرەدا پێش دەخرێت چونکە واجبە لە سەر هەموو کەسێک کە ئەم جیهادە ئەنجامبدات ئەگەر داوای لێکرا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee